# قەڵەمەکانتان بشکێنن!

## کەژاڵ ئەحمەد



لەکۆتایی هەشتاکاندا ئەو کاتانەی سەرەتای ئاوێتەبوونم بوو بەدنیای شیعر،یەکەم مەسەلە کەرووبەڕووی بوومەوە دیاردەی بێدەنگبوونی ژنان و قسەکردنی پیاوان بوو لەجیاتی ژنانیش!
لەشیعرەکەدا بەناوی هەموو ژنانەوە وتبووم:
(قەڵەمەکانتان بشکێنن
کەس وەکو خۆم
مێژووی بوونم تۆمار ناکاو
ڕۆمانی خەمم نانووسێ.)
بەداخەوە دوای ئەو هەموو ساڵە کەچی ئەو تەبەعییەتەی ژن بۆ پیاو کەلەسەردەمی بەعسدا هەبوو تائەمڕۆو سەردەمی حوکمی خۆماڵیش درێژەی هەیە،جارێکیان لەسەر ڕەفتارێکی سەیری ژنە پەرلەمانتارێکم نووسی کەچی پیاوێک وەڵامیدایەوە لەدڵی خۆمدا وتم قەیناکات ئەو پەرلەمانتارە وەڵامدانەوە بەتەنازول دەزانێ،کەچی دەبینم ئەوەتا ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخستن یەکێتیش دووجارە لەجیاتی ژنە لێپرسراوێکی سەنتەرێکی ناحکومیی (کەسەنتەری جێندەرە) وەڵامی گفتوگۆی نێوان ژنان دەداتەوە!!
لەڕاستیدا لەبەرنامەمدا نەبوو بێجگە لەو دیدارەی لەگەڵ خانمی خەباتگێڕ هەڤاڵ خەجۆ ئەنجاممداو لە(ژیانەوە) دا بڵاوبۆوە هیچ بەشدارییەك لەڕەخنەگرتن لەکۆنفرانسەکەی ڤیان مەجید بکەم،بەڵام ئەو نووسینەی ڕاگەیاندنی مەکتەب ڕێکخستن لەرۆژنامەی (هەواڵ)دا بڵاوکردبۆوە هانیدام بۆ نووسینی ئەم وەڵامە،من ئەم دیاردەیەم نەك هەر لەلا سەیرو ناشیرینە،بەڵکو بەشایستەی ژنی کوردیشی نابینم،لەوەیش سەیرتر ئەوەیە مەکتەبێکی حزبیی ڕۆڵی پارێزەر ببینێ بۆ ڕێکخراوێکی مەدەنی!!!
ئەمجۆرە شتە سەمەرانە بەتەنیا لەوڵاتی وەکو وڵاتەکەی ئێمەدا ڕوودەدەن کە کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان هێشتا لەسەرەتادان،بۆیە هەندێ لەم ڕێکخراوانە نەك سەربەخۆنین وەکو ئەوەی ئیدیعادەکەن لەکاتی پارە وەرگرتندا لەحکومەت،بەڵکو ئەوەتا تیایاندایە بەشێکە لەمەزاجی مەسئولێکی یەکێ لەمەکتەبەکانی حزبەکە نەك خودی حزبەکەش. لەوڵاتانی تر شەڕە گەورەکان ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەگەڵ حزب و حکومەتی دەکەن بۆ چەسپاندنی زیاتری بنەماکانی کۆمەڵی مەدەنی کەچی لەم وڵاتە قوڕبەسەرەی ئێمەدا ڕێکخراوی گوایە داکۆکیکار لەمەسەلەی ژنان دەستدەخاتە ناو دەستی دەزگایەکی حزبییەوە بۆ پەلاماردانی ژنانی دیاری کۆمەڵگەکەی!!!
کۆنفرانسی گوایە (نێودەوڵەتی) یەکەی ڤیان مەجید کەوا دیارە هیچ مێینەیەك بۆی نییە قسەی لەسەر بکات،چونکە چەندین پیاو بەئەمری بەرپرسەکەیان لەخزمەتتدان بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنەگرەکان لەو کۆنفرانسە،ئەگەر بەهۆی بێ سەرو بەریی بەرنامەو هەڵە زەقەکانیشییەوە بەشکستخواردوو دانەنرێت بەدڵنیاییەوە بەلەدەستدانی سەربەخۆییەکەی شکستێکی گەورەی بۆخۆی تۆمار کردووە،بەبیری هەموو لایەکیشی دەهێنمەوە کەساڵێك لەمەوبەر لە کوردستانی نوێ دا سەنتەری نیشتمانیی جێندەرو کاری چەوت و وتە شەرمهێنەکانی بەرپرسەکەیم خستە ژێر پرسیارەوەو وتم ئەو کارانەی ئەو دەیانکات کاری ئەو نین بەڵکو ئەرکی سەرشانی ژنە قارەمانەکانی ناو ڕێکخستنە زۆرو زەوەندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە نەك تا پۆی تاکە سەنتەرێك کەئەو سەنتەرەیش ناوی لەخۆی ناوە NGOوتا ئێستا مۆڵەتی کارکردنی لەهەولێر نییە کەچی کۆنفرانسەکەی ناودەنێت نێودەوڵەتیی!!!